تاوەکو وا پیاوانە بیر بکەیتەوە، هەر بەتەمای سۆزی سەروەران دەبی

هەژێن
http://hezhean.blogspot.com

لە نوسینێکدا بەناونیشانی ( پیاوی چاک بن دەست لەم عیراقە بەردەن)، حاجی ئەنوەر، جارێکی‌تر دێتەوە مەیدان، بەڵام ئەمجارە لە بری ڕەخنە، خەریکی پارانەوە و سۆزخوازییە لە سەروەران و پێیوایە دەرکی خواستەکانی حاجی ناکەن و دەیهەوێ بەئاگایان بێنێتەوە.
پێش ئەوەی بێمە سەر سەرنجاندنی نوسینەکەی، بۆ ئەوەی ناسیونالیستە گەمژەکان نەمکەنە تابوری پێنجەم و نۆکەری داگیرکەران، دەڵێم : ئەگەر هاووڵاتییەکی ئەوروپی و ئەمریکی بوومایە، هەموو بەیانییەک لەگەڵ لە خەوڕابوونم داوای لێبوردنم لە ئەفریکا دەکرد، لەوەی کە باپیرانم نەوەکانی وییان بەکۆیلە گرتووە و بازرگانیان پێوەکردوون. ئەگەر ئاڵمانی بوومایە لەگەڵ چوونم بۆ ناو گەرماو داوای لێبوردنم لە یەهودییەکان دەکرد، لەوەی کە هاوزمانەکانم ئەوانیان قڕکرد. ئەگەر تورک بوومایە، ڕۆژانە ملیۆن و نیوێک جار هەستم بەشەرمدەکرد، لەوەی هاوزمانانم ئەرمەنییەکانیان قەلاچۆکرد، ئەگەر عەرەبیش بوومایە، هەموو ڕۆژێک سەد و هەشتا هەزارجار، داوای جیابوونەوەی کوردستانم دەکرد. ئەگەر لەجێی ئەندامان و لایەنگرانی پارتە بۆرژوازە کوردیەکان بوومایە، ڕۆژانە بە ژمارەی قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، هێندەجار ڕووی خۆم ڕەشدەکرد.

**شوێنی جوغرافی کوردستان وا هەڵکەوتوە کە کەوتوتە ناوچەیەکی ئاڵۆزی پڕ لەناکۆکی لە نیوان نەتەوە جۆربەجۆرەکانەوە کە تاوەکو ئێستاش ئەوناکۆکیانە چارەسەر نەکراون ، وەچاوەڕێش ناکرێت لە کورت ماوەیەکیشدا چارەسەر بکرێت ، چارەسەری کێشە نەتەوەییەتیەکان پابەندە بە باوەڕبوونی نەتەوەسەردەستەکان و دەستەڵاتدارانی سیاسی و ڕۆشنبیرانیان بە مافی گەلانی لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان بەدەستی خۆیان ، لە جیابوونەوەیان ، یان پیکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە . ئەوەندەی پەیوەندە بە باشورو**

حاجی ئەنوەر کە تا دوێنێ باسی لە هێزی جەماوەر و بزووتنەوەی شورایی دەکرد، کەچی ئەوڕۆکە بێ پێشەکی و بێ پێچوپەنا قسەکانی جەلال تاڵەبانی بەکەمێک دەستکارییەوە دوبارە دەکاتەوە. جەلال تالەبانی دەڵێ خەتای هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستانە، کە کێشەی کورد تائێستا چارەسەر نەکراوە. ئەم قسەیەی بووە مایەی ناڕەزایەتی تەنانەت کۆنە (کۆڕەک)ەکان، کەچی حاجی لەولاوە دێ و دەڵێ :

**شوێنی جوغرافی کوردستان وا هەڵکەوتوە کە کەوتوتە ناوچەیەکی ئاڵۆزی پڕ لەناکۆکی لە نیوان نەتەوە جۆربەجۆرەکانەوە کە تاوەکو ئێستاش ئەوناکۆکیانە چارەسەر نەکراون ، وەچاوەڕێش ناکرێت لە کورت ماوەیەکیشدا چارەسەر بکرێت ، چارەسەری کێشە**

ئەمە ئەگەر بادانەوە نییە، ئەدی چییە و حاجی ئەنوەر چ ناوێکی لێدەنێ؟ پاش ئەو هەموو هەراوهوریا ساڵانەیەی 03/07 یادی ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی ئازار، چ پاساوێکی بۆ دێنێتەوە؟
ئەی ئەگەر چاوەڕوانی ئەوەشت نییە، کە لە کورت ماوەدا ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئیدی بۆ کڕناکەوی و بڕۆی بەلای حاڵی خۆتەوە. هەر ئەم نائومێدییەشە وای لێکردووی لەبری هاندان و هەڵخرانی جەماوەر بۆ هاتنەمەیدان و پێداگرتن لەسەر چارەسەری کێشە ڕەواکەیان، چاو لە سۆزی سەروەرانی وڵاتانێک، کە کوردستانیان بەسەردا دابەشێنراوە دەبڕی و چارەسەری کێشەکان

به باوەڕبوونی دەسەڵاتدارانی سیاسی و ڕۆشنبیرانیانەوە پابەند دەکەیت. ئەم هاوکێشە عەنتیکەت لە کوێوە هێناوە. ئەم بیرکردنەوە ئاینییەت لە کەیەوە سەری هەڵداوە و دەتەوێ چاوەڕێ ڕامانگری، تا کەی خوا بەزەیی بخاتە دڵی دەسەڵاتدارانی سیاسی و بە ئاگایان بێنێتەوە. ئەمە ئەو سەنگەرەیە، کە بانگەوازمان دەکەی بیینە ناوی و شۆڕشی تێدا بەرپا بکەین، ئەمە درێژەی بزووتنەوە شوراییەکەتە یا ڕەشەبای نەزمەکە ڕاپێچی کردووی ؟

هەر ئەم هاوکێشە ئاوەژووەیە وایلێکردووی، کە پێتوابێت دەسەڵاتدارانی سیاسی کورد، ئاوەزیان بە ناکۆکی هەڵوێستیان لەگەڵ بەرژەوەنی و خواستی جەماوەر ناشکێ و تۆ وەک چاکسازی سەردەم، دێی و داوایان لێدەکەی و لێیان دەپاڕێیتەوە کە واز لە عیراقچیەتی بێنن و سزای تاوانبارانی ئەنفالەکان بدەن. ئەمەیە خەڵەفان و سەرلێشێوان، کە کەسایەتی سیاسی توشی دەبێ.

ئاخر حاجی ئەنوەر گیان، بە چ پێوەرێک چارەسەری کێشەکان لەسەرەوە دەکەیت، لە کام سەردەمی مێژوویدا شتی وا ڕوویداوە. لە چ سەردەمێکدا چینە سەروەرەکان لەپێناو چەوساوەکاندا دەستیان لە بەرژەوەندی و پلەو پایەی خۆیان هەڵگرتووە، تاوەکو جەلال تالەبانی لەپێناو وەرزێڕانی هەڵەبجە و گەرمیان و بادینان، واز لە سەرۆککۆماری عیراق هەڵگرێ. ئەم بۆچوونە ئەگەر بەرژەوەندی لەپشتەوە نەبێ، ئەوا ترازانتە لەو بازنەیەی، کە لەژێر کارایی بزووتنەوەی شوراییدا تێکەوتی و ئێستاکە لێی تەرە بووی و خۆتت بۆ ناگیرێتەوە و جاڕوجەنجەناڵی نەزمی نوێ سەری لێشێواندووی و چاوەڕێی پاشا فەهد و ئەمیر فەیسەڵ دەکەی، تاکو چارەسەری کێشەی کورد بکەن و تاڵەبانیش سزای ئەنفاڵچیانت بۆ بدا.

ئەمە نیشانەی خراپ تێگەیشتنتە لە چەمکی نەتەوە و پەردەپۆشکردنی بەرژەوەندی و خەون و خواستی جیاوازی چین و توێژە پێکهێنەرەکانی نەتەوە. نەتەوە جەستەیەکی یەکپارچە نییە، تاوەکو بەشەکانی تەواوکەری یەکتربن، نەتەوە لە چین و توێژی بەرژەوەندی ناکۆک بەیەک پێکهاتووە. تۆ دەتەوێ ئەم ڕاستییە سادە و سەرەتاییە بشاریتەوە و بەناوی زۆرینەی ژێردەست و چەوساوەوە داوا لە کەمینەی سەروەر و چەسێنەر بکەیت، تاوەکو گوێڕایەڵی خواستەکانی زۆرینەی ژێروەر بگرن و دەستبەرداری بەرژەوەندی چین و توێژەکەیان بن، کە نوێنەرایەتی سیاسی دەکەن. ئەمە خەونە و قسەکردن لەم بارەوە بێجگە لە وڕێنە، چیتر ناگەیێنێ. بەڕای من پارتە بۆرژوازیە کوردیەکان و سەرانیان هیچکات کاری هەڵەیان ئەنجامنەداوە و ئەوەی بە درێژایی تەمەنی سیاسییان پێیهەستاون، ئەنجامدانی ئەرکی چینایەتیان بووە و هەمیشە ڕۆڵەی بەئەمەک و دڵسۆزی چینی بۆرژوازی ماونەتەوە و ئەنتەرناسیونالیستانە هەنگاویان هەڵگرتووە؛ پێشلەشکری ئێران، تورکیە، بەعس، ئەمریکا و ڕاگرتنی شەڕ لەکاتی تەنگەتاوی بەعسدا، ...هتد، تەنیا لە ڕوانگەی کەسێکی ناهوشیارەوە دژەخونی و نۆکەرییە، ئەگینا بۆ کەسێک کە بزانێ لە کوێی کۆمەڵگەدا وەستاوە، بە ئەنجامێکی پێچەوانە دەگات، لەوەی تۆ! ئەم شێوە بیرکردنەوە و پاڕانەوەیە، بێجگە لە خۆشباوەڕکردنی نەوەی نوێ بە بۆرژوازی و پاگەندە نەتەوییەکانی چیتر بەرهەمی نابێ، هەروەک چۆن ئێمەش ڕۆژانێک لە ناهوشیاریماندا، بەم پاگەندە ژەهراوییانە فریومانخوارد!

ئەگەریش ئەم بۆچوونەت تێکەوتنە، ئەوا ئاساییە و لێی پاشگەزبەوە. پاشگەزبوونەوەت لەپێناو بەرژەوەندی جەماوەری چەوساوەدا کەسایەتیت بەرزتر دەکاتەوە و ڕێزی شۆڕشگێڕانەت پێدەبەخشێ، بەڵام بەردەوام بوونت لەسەر ئەو بۆچوون و بیرکردنەوە ئاوەژووە بەرەو هەڵدێری هەتاییت دەبات. وەرە لەبری چاوەڕوانی لە سەروەرانی عەرەب ، خەبات بۆ بەڕێخستنی ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان و بزووتنەوەی جەماوەری بکە، لەبری سۆزبزواندنی تاڵەبانی و بارزانی جەماوەر بۆ مانگرتنی گشتی و هاتنەمەیدان لەپێناو یەکلاییکردنەوەی کێشەی

نەتەوەیی بکە. وەرە ئەمە سەنگەری شۆڕشە و خەباتی چەوساوەکانیش تەنیا لەم سەنگەرانەوە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و بەدەستی دێنێت. خۆشت باشتر دەزانی سی ساڵ شەڕی چەکداری و هودنە، سی ساڵ هاوپەیمانی بۆرژوازی فارس و تورک و عەرەب، هەنگاوێک خەباتی نەبردەپێشەوە، بەڵکو بەردەوام ڕەنجی چەوساوەکان بەفیڕۆ دا و ڕێشەکانی چەوسانەوە ئەستورتر و ماڵوێرانیش زیاتر بوو. بەڵکو ئەوە تەنیا ڕاپەڕینی جەماوەری بوو، کە ئەو بازنە داخرواوەی بۆرژوازی کورد و هاوپەیمانەکانی شکاند. ئەگەر خوازیاری چارەسەری ڕێشەیی کێشەکان و نەمانی چەوسانەوەی، ئەوە ڕیزی چین و توێژە چەوساوەکان و ئەوە خەباتی ڕۆژانەی جەماوەری!